هەخامەنشی بەجۆرێک کە هرۆدۆت و بەردەنووە بەجێماوەکان دەیگێڕنەوە، ئاینی زەردەشتی نییە. باوەڕی ئەوان لەسەر ئاینی کۆنی ئێران، کە هێشتا گۆڕان و دەستێوەردانی تێدانەکراوە، واتە مەزداپەرستی غەیرە زەردەشتی لە ئاینی موغەکانی ماد و ئاینی رەسمی پارسیەکان لەسەردەمی هەخامەنشی دا دەردەکەوێت.

ئێرانییە کۆنەکان، پێش ئاینی زەردەشت، بۆ هەموو دیاردەیەکی سروشت، پەرستگە و خودایەکیان هەبووە، وەک خودای باران، خودای شەڕ و خودای ... و، بۆ هەر یەک لەوانە پەرستگەیەکیان دروستکردبوو کە قوربانیی (نەزر)یان تێدادەکرد، بەلام بوتیان نەبووە. ئەهورامەزدایان هەبووە، وەک گەورەترین خودێ لەنێوان خوداکانی دیکە، وەک خودای یەکانە. "زەردەشت"، دژی فرەخودایی و بوتپەرستی بووە و خوداکانی دیکەی بانگهێشت کردووە. ئەو کاتێک خەڵک بۆلای خودای تاقانە رادەکێشێ، ئێتر هەبوونی خودایانی دیکە و پەرستگەکانیان و نەزر و نیاز و قوربانی بۆکردنیان، بێنێوەرۆک دەزانێ.

هەرلەم پێوەندییەدا کە داریوش دەڵێ: "پەرستگەکان کە بەردیا رووخاندبوونی، سەرلەنوێ سازکرانەوە". دەبێ تێکدانی پەرستگەکان لەژێر نفوز و رەنگدانەوەی ئاینی زەردەشت سەریهەڵدابێ و، لەجێگەی پەرستینی چەندین خودا و، چەندین پەرستگە، تەنێ بانگەواز بۆ لایەنی خودای تاقانە کرابێ. لێرەدا زیاتر ئەوە دەسەلمێندرێ، کە ئەو موغەی وا یاریدەی بەردیای داوە تا دەسەلات بگرێتەدەست، دەبێ زەردەشتییەکی پایەبەرز بووبێ ( ئەگەر لەوکاتەدا، زەردەشت نەژیابێت و ئەو کەسە زەردەشت خۆی نەبێت!).

هرۆدۆت دەنووسێ: «کاتێک داریوش و حەوت سەرداری هاودەستی کە پارسیبوون، بەنەخشە و فێڵ چوونە ژووری قەلای گاماد، ئەو موغە لەلای بەردیا بوو و، لەگەڵ بەردیا کوژرا و، داریوش سەری برین و سەری بردراوی هەردووکیانی پێشانی خەڵک دا، ئەوجا بڕیاری موغ کوشتن دەرکرا».

بەوتەی هرۆدۆت، ئەگەر تاریکی شەو بەسەرنەهاتبا، ئاسەوارێک لە موغ نەدەما و، تاقیان لێدەبرین. "کتزیاس"، ئەو رۆژە بە "مگافۆنی" (موغ قڕان) ناودەبا. بۆیە ئەو کودەتا پلانبۆداڕێژراو و سامناکە و، لەنێوبردنی رێفۆرمی کۆمەلایەتی لەلایەن داریوشەوە، کە بەردیا بناخەکەی دارشتبوو، دەبێتە هۆی ماتەمینی هەموو ئاسیا.

**نووسینی بەردەنووسی بێستوون لەلایەن داریوش، بەمەبەستی ئەوە بووە، کودەتاکەی بە یاریدەری ئەهورامەزدا راست و بەجێ بناسێنێ، بۆیە داریوش دەڵێ، ئەهورامەزدا و خوداکانی دیکە، کە هەن، یاریدەیان دام. لەسەردەمی ئێمەشدا جێگری داریوش، "ئیمام خومەینی"، بەڵگەی خۆڕاگرتن و کوشتاری خەڵک، بە دەستووری خودا دادەنێ و، خۆی بەنوێنەری خودا دەناسێنێ.**

داریوش بۆ پاساوی کودەتاکەی و لەخوێنگەوزاندنی دەسەلاتی کۆمەلایەتیی بەردیا (لەرووی کردەوەکانی داریوش پاش سەرکەوتن، هەموویان هەڵدەوەشێنێتەوە)، بەردیا بە کەسایەتییەکی دووروو و نارەسەن نێودەبات.

یەکێکی دیکە لە ساختەکارییەکانی داریوش ئەوەیە، شوێنی نووسینی بەردەنووسەکە لە ولاتی "ماد" هەڵدەبژێرێ و، لەوەدەچێ جێگەی ناشتنی تەرمی گامادیش هەرلەو نێزیکانە (دەشتی نیسایی) بووبێ و، مەبەستیشی لەوە، چاوترسێنکردنی خەڵکی ماد بووو کە بە دوژمنیان دەزانێ. دیارە بێستوون، ئەودەم لەسەر "رێگەی هەورێشم" و رێگەی رۆژهەلاتی ئاسیا بووە. ئەوکردەوەی داریوش، لایەک نیشاندانی دەسەلاتی داریوش بەسەر ولاتی ماد بووە، لەلایەکی دیکەشەوە، بێستوون وەک نێوەندێکی ئاینی، پلەی تایبەت و رێزی تەواوی هەبووە. ئەم شاخە، بەدرێژایی هەزاران ساڵ نێوەندی جێگیربوونی خوالەگەورەکان بووە کە (بەغ)یان پێگوتراوە. ناویانگی ولاتی بەغستان ئێستاش هەرماوە. داریوش، لێرە خۆی، هەم وەک کەسایەتییەکی ئاینی دەنوێنێ و، هەم کردەوەکانی خۆی، کە ئەوپەڕی توندوتیژی و بێ مافکردنی خەڵکی ئاسایی تێدا بەدیدەکرێ، دەداتە پاڵ ئاین. ئەو بەم شێوەیە خەڵک بۆلای بێدەنگی و تەسلیمبوون رادەکێشێ.

ئەم تاکتیکە، تاسەردەمی ئێمە لەلایەن دەسەلاتدارانی ئێرانەوە درێژەی هەیە. دەسەلاتدارانی تاران لەچەند دەهەی پێشوودا، بۆ قەلاچۆکردنی ئازادیخوازان، مزگەوتەکانیان کردە بەردەباز و سەنگەر، تالەژێر ناوی دیندا هەموو تێکۆشەرێکی خوازیاری سەرفرازی لەنێوبەرن. خاڵێکی گرنگ کە لە شرۆڤەی ئەو بەردەنووسەدا ناکرێ مرۆڤ بە هاسانی بەلایدا تێپەڕبێ، راپەڕین و بەرهەڵستکاریی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە بەرامبەر بە کردەوەکانی داریوش. داریوش لەبەردەنووسی